# ئاگاداری...

# کاتی ئاکسیۆنی سەنتەری مناڵان گۆڕا بۆ 5 ئۆکتۆبەر..

## بۆ وەستانەوە بە دژی کوشتنی مناڵان، بەشداری ئاکسیۆنی سەنتەری مناڵان بکەن..!!

دۆستان و ئازیزان ، لایەنگرانی مافەکانی مناڵان و ئەندامانی سەنتەری مناڵان، بە داوای لێبوردنەوە پێتان ڕادەگەیەنین کە لەبەر چەند هۆیەك، کاتی سازدانی ئاکسیۆنی سەنتەری مناڵان، کە بڕیاربوو ڕۆژی هەینی 28 سبتەمبەر بێت، دواخرا بۆ 5 ی ئۆکتوبەری 2007 لە هەمان شوێن و هەمان کاتی پێشو، لای خوارەوە ڕوونکردنەوەی زیاتر دراوە، بەو هیوایەی ئەم کاتە تازەیە بۆ زۆربەتان گونجاو بێت و بتوانن بەشداری لەم ئاکسیۆنەدا بکەن.

لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا ڕێژەی کوشتنی مناڵان و ژنان بەئەندازەیەکی ترسناك ڕووی لەزیاد بوون کردووە. بەداخەوە کە ئەم تاوانی مندالْ کوشتن و ژن کوشتنانە بەزۆری لە شارەکانی کوردستان ڕوودەدەن کە قەرارە ناوچەیەکی ئارام بێت و دەڵێن هیچ کێشەکی ئەمنی لەویٚ نییەو ئازادی و ئاسایش بەرقەرارە!!
ئەگەر ئەمە وایە مناڵان و ژنان بۆچی دەکوژرێن؟ لاڤەی تەمەن 4 ساڵان تاوانی چی بوو بە خنکاوی لە تورەکەیەکدا لەچاڵنرا؟ سارا نیعمەتی تەمەن 11 ساڵان چی کردبوو بۆچی بە بلۆك کوژراو بەشێك لە جەستەی ناسکی سوتێنراو لە کەلاوەیەکدا لاشەی بێگیانی ساردەوەبووی فڕێدرا؟ دوعای تەمەن 17 ساڵان بۆچی بەو شێوە دڕندانەیە بەبەردو بلۆك و بە بەرچاوی پۆلیس و دەسەڵات و سەدان خەڵکەوە لە ناوەڕاستی شاردا و بە ڕۆژی نیوەڕۆ زۆر نامرڤانە هەتا مردن لێنەگەڕان هەناسە بدات؟ ئەی ڕەیانە 8 ساڵەکان و کێو کیٚ تر ... چییان کردبوو بۆ کوژران و لاشەکەیان ئەنجن ئەنجن کرا؟!
خەڵکی ئازادیخواز مناڵ دۆستان و ڤەروەردکاران...

نابیٚ لەژێر هیچ بیانوویەکدا و لە سایەی دەسەڵات و حکومەتێکدا کە بانگەشەی ئازادی و دیموکراسی دەکات، مناڵان بەم دەردە ببرێن، لەبری بەرگری کردن لە مافەکانیان و دابین کردنی پێداویستیەکانی ژیانیان، لەبری فەراهەم کردنی کەش و هەوایەکی لەبارو بۆ پەروەردە کردنیان لە سەر بنەمایەکی مرڤدۆستانەو پێشکەوتوانە، کەچی مناڵان بەم شێوە دڕندانەیە بکوژرێن، ڕۆژنە توندو تیژیان لەبەرامبەر بکرێت.

ئێمە خوازیارین حکومەت و دەسەڵات لە کوردستاندا، نموونەی دەسەڵات وسیستەمێکی سیکۆلارو بێت، ئازادی و دیموکراسی سەقامگیر بێت، دەسەڵاتێك کە تێیدا ئینسانەکان، وە بەتایبەتیش مناڵان و ژنان لەژێر هیچ بیانوویەکدا ئازارو ئەشکەنجە نەدرێن، وە هیچ پاساوێك قبولْ نەکرێت بۆ مندالْ کوشتن و ژن کوشتن، وە ئەنجامدەرانی سزای قورس بدرێن، یاسایەکی مۆدێرن بەڕێوەببرێت و هیچ کەس لەسەروی دەسەڵاتی یاساوە، بڕیاری لە دەست نەبێت.

بۆ ئەم مەبەستەو بۆ وەستانەوە بە دژی کوشتن و توندوتیژی لە دژی مناڵان وژنان، سەنتەری بەرگری لەمافەکانی مناڵان، ڕۆژی هەینی 5\10\2007 لە شاری ستۆکهۆڵم لە سوید لەبەرامبەر پەرلەمانی سوید، ئاکسیۆنێکی ناڕەزایەتی ئەنجام دەدات، شایانی باسە ئەم ئاکسیۆنە بڕیارە بە بەشداری و هاوکاری چەند پەرلەمانتارێکی حیزبی چەپ، چەندین نووسەر، پەروەردکار، کەسایەتی بەرگریکەر لە مافەکانی مناڵان و ئەندامان و دۆستانی سەنتەری مناڵان لە سوید بەڕێوە بچێت، بانگەوازی هەمووان دەکەین کە بۆ ناڕەزایەتی دەبڕین لە دژی کوشتن و توندوتیژی دژ بە مناڵان و ژنان، هاوکارمان و بن و لەم ئاکسیۆنەدا بەشداری بکەن.

کات : ڕۆژی هەینی 10\05 کاتژمێر 3 تا 5 ی پاشنیوەڕۆ بە کاتی سوید.

**شوێن: مینت تۆریەت، بەرامبەر پەرلەمانی سوید – ستۆکهۆڵم.**

**Tid: 5 oktober, 2007, kl. 15 -17, på Mynttorget,**
**Plats: Mittpoolen, Riksdagshuset Östra, ingång Riksgatan 2.**

**بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی بکەن بە:**

**تەلەفۆن:** 073 57 15 449

**ئیمەیل:** santarimnalan@yahoo.com

**تێبینی: بۆ ئەو کەسانەی کە لە دەرەوەی ستۆکهۆڵمەوە دێن بۆ بەشداری لە ئاکسیۆنەکە، بەتایبەتی ئەو خەڵکانەی کە لە شارەکانی (یاڤلە)و(ساندڤیکن)ەوە دێن، پێویستە پێشتر ئاگادارمان بکەنەوە، بۆ ئەوەی بە پێی ژمارەی نەفەرەکان پاسی هاتوچۆیان بۆ ئامادە بکەین.**

**سەنتەری بەرگری لەمافەکانی منالآن**

www.santarimnalan.com